# گەشتێك بۆ گوندەكانی بناری قەندیلو مامەندە

ئا: محەمەد چاوشین

بەشی دووەم



بناری قەندیل- سەرخان

### گوندی بەردقسڵ

گوندی بەردقسڵ لە دامێنی چیای مامەندەو لە ناو دۆڵێكدا هەڵكەوتووە، ئەم گوندە بە بناری قەندیل ناژمێردرێتو رووبارێكی بچووك لەو ناوچەیەی جیا دەكاتەوە.

بەردقسڵ 13 ماڵەو ژمارەی دانیشتوانی نزیكەی 70 كەس دەبێت، ئەم گوندە لە سەردەمی شەڕی (عێراق - ئێران)دا مەیدانی شەڕ بووەو چەندین هاووڵاتی بە هۆی ئەم شەڕەوە گیانیان لە دەست داوە.

پیشەی سەرەكی جووتیارانی ئەم گوندە ئاژەڵدارییە، تارادەیەكیش كاری كشتوكاڵی دەكەن، هەندێك باخو باخاتیشیان هەیە كە لەو چەند ساڵەی دواییدا بە هۆی وشكە ساڵییەوە وشك بوونو بەرهەمیان نەبووە.

ئەم گوندە وەك گوندەكانی تر كێشەو گرفتیان هەیەو پێویستە ئاوڕیان لێ بدرێتەوە چونكە ئەو گوندەو سەرجەم گوندەكانی تری ئەو ناوچەیە لە سەردەمی خەباتی شاخدا هەمیشە هاوكاری حزبو لایەنەكان بوونو هاوكاری شۆڕشیان كردووە، ئەم هەڵوێستەش لای هەموو ئەو حزبو لایەنانە روونو ئاشكرایە كە لەو سەردەمەدا لەم ناوچەیە خەباتیان كردووە.

ئەمەش بەشێكە لە داواكارییەكانی خەڵكی گوندی بەردقسڵ.

- جێبەجێكردنی پرۆژەی ئاو، هەرچەندە رێكخراوی (هابیتات) پرۆژەی ئاوی بۆ جێبەجێ كردوون بەڵام رێكو پێك نییەو كەمو كوڕی زۆرەو بۆرییەكانی تووشی (لێ چوون) هاتوونو حەوزی ئاوەكەشی سەرەكەی دانەپۆشراوەو مەترسی پیس بوونو ژاراوی بوونی هەیە.

- سەرەڕای بوونی بیست قوتابی لەم گوندەدا بەڵام قوتابخانەو مامۆستایان نییەو بۆ خوێندن سوود لە قوتابخانەی گوندی سونێ وەردەگرن. ئەگەرچی خەڵكی گوندەكە لە سەر ئەركی خۆیان قوتابخانەیەكیان دروست كردووە بەڵام لە دوای شەڕی نێوان PKK و (ی.ن.ك) مامۆستاكەیان دەوام ناكاتو ئێستا قوتابخانەكە داخراوە بە بیانووی ئاسایی نەبوونی بارودۆخەكە.

- دروستكردنی حەوزی مەڕ شۆردن، ئەگەرچی داواكاریشیان پێشكەش كردووەو بەڵێنیشیان پێدراوە بەڵام تا ئێستا هەرقسەیەو جێبەجێ نەكراوە.

- چاككردنەوەی رێگاكانی هاتووچۆ.

- چاككردنەوەی (پرد)ی سەر ئەو چەمەی كە بە نزیك گوندەكەدا تێپەڕدەبێت، چونكە سوودێكی زۆری بۆ گوندەكانی دەوروبەر هەیە بە تایبەت لە وەرزی زستانو باران بارینیدا.

- هاوكارییان بكرێت بۆ دروستكردنی كارەبا بۆ ئەم كارەش دەتوانرێ سوود لەو چەمە وەربگیرێت كە بە خوار گوندەكەدا گوزەردەكاتو شوێنێكی گونجاوە.

- دابەشكردنی (عەلەف) بەسەر ئەو ماڵانەی كە خاوەن ئاژەڵن، هەر لەم بارەیەشەوە داوایان كرد كە پێداچوونەوە هەبێت لە سەر چۆنیەتی دابەشكردنی ئەم عەلەفە، چونكە هەندێك ماڵ بڕێكی كەم مەڕو ماڵاتیان هەیە، بەڵام ژمارەیەكی زۆر دەنووسنو بڕێكی زۆر عەلەف وەردەگرن ئەمەش زیان بە خەڵكەكەی تر دەگەیەنێت.

- هەروەها گللەیی ئەوەیان كرد كە عەلەفیان بە نرخێكی گران پێدەفرۆشرێت.

+ خۆشبەختانە لە سنووری گوندی (بەردقسڵ)دا مین بوونی نییەو ئەگەر هەش بێت ئەوا بە رێژەیەكی زۆر كەم، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دڵسۆزیو لە خۆبوردوویی هاووڵاتییەك بە ناوی (عەبدوڵڵا مینە خدر) كە تاكو ئێستا زیاتر لە (10) هەزار مینی پووچەڵ كردۆتەوە، بە داخەوە كاك عەبدوڵڵا لە ساڵی (1999) لە كاتی پووچەڵ كردنەوەی میندا مینێك تەقیوەتەوەو هەردووچاوو دەستێكی لە دەستداوە.

عەبدوڵڵا مینە خدر، لە وەڵامی پرسیارێكماندا گوتی: پێشتر ئەم ناوچەیەی ئێمە پڕ بوون لە مینو مەترسی هەبوو لە سەر ژیانی ئێمەو ئاژەڵەكانمان كە كاتی خۆی رژێمی سەدام لەم ناوچەیەدا چاندبوونی بۆیە دوای ئەوەی هەستمان كرد كەس بە دەنگمانەوە نایەت من خۆم بۆ ئەوە تەرخان كرد كە ناوچەكە لە مین پاك بكەمەوە.

هەرچەند خۆم هیچ شارەزاییەكم لە سەر چۆنیەتی هەڵگرتنەوەی میندا نەبوو بەڵام هەر لە خۆمەوە دەسكاریم دەكردن تاوای لێ هات شارەزایی باشم پەیداكرد. ئەو ناوچانەش كە مینم لێ هەڵگرتونەوە بریتین لە (توتمە، سەرخان، بەردقسڵ، گۆجار، مامەندە، جاسوسان، هتد..) هەرچەندە هەندێك لەو شوێنانەی كە ناوم هێنان لە ناوچەكەی ئێمەوە دوورن بەڵام من بە تەنها مەبەستم خزمەتكردن بە خەڵكی بووە كە هەڕەشەیەكی گەورەیە لە سەر خەڵكو مەڕو ماڵاتەكانیان، لە وەتەی دەستم داوەتە ئەم كارە پڕ مەترسییە زیاتر لە (12 تا 13) هەزار مینم پووچەڵ كردۆتەوە كە لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ژمارەیەكی زۆر ماون كە پووچەڵ نەكراونەتەوە، كاك عەبدوڵڵا لە درێژەی قسەكانیدا گوتی: ساڵی 1999 لە گردی (گۆجار) لە كاتێكدا سەرقاڵی پووچەڵ كردنەوەی مینێك بووم لە پڕێكدا لە دەستمدا تەقییەوەو كاتێك هەستم كرد خۆم بەم شێوەیە بینییەوە كە هەردووچاوو دەستێكم لە دەست داوە، تا ئێستا حكومەتی هەرێم هاوكاری نەكردووم داوام وایە كە بە هانامەوە بێن، بۆ چارەسەركردنی چاوەكانم چونكە هێشتا تۆزێك دەبینمو بە تەواوی بینایم لە دەست نەداوەو ئەگەر هاوكاری بكرێم ئەگەری چاكبوونەوەی چاوەكانم هەیە.

### گوندی "پردە بەردین"

گوندی پردەبەردین یەكێكی ترە لە گوندەكانی بناری مامەندە كە (10) ماڵەو ژمارەی دانیشتوانیشی نزیكەی (60)كەسە، كاری رۆژانەیان كشتوكاڵیو ئاژەڵدارییە. خەڵكی ئەو گوندە جگە لە ئاژەڵداریو كشتوكاڵی كاری كاروانچێتیو كۆڵكێشی دەكەن چونكە ناوچەیەكی سەر سنوورییەو جموجۆڵی بازرگانی لەم ناوچەیە تاڕادەیەك باشە، ئەم كارەش تەنها لە گوندی پردە بەردیندا بەدی ناكرێت بەڵكو لە سەرجەم گوندەكانی ئەو ناوچەیەدا رەنگی داوەتەوە، خەڵكی ئەو گوندەش بەدەرنین لە كێشەو گرفتو كەمو كوڕی، تەنها پرۆژەیەك كە لەم گوندەدا جێبەجێ كرابێ پرۆژەی ئاوە كە رێكخراوی (هابیتات) ئەنجامی داوە. ئەم پرۆژەیەش باشەو بەشێك لە پێداویستییەكانیان چارەسەركراوە، داواكاریەكانی خەڵكی گوندی (پردە بەردین) هاوشێوەی داواكارییەكانی گوندی (بەردقسڵ)ە.

لێرەشەوە وەك پێشنیارێك بۆ بەردەم حكومەتی هەرێم دەكرێ زۆر پرۆژەیان بە هاوبەشی بۆ ئەنجام بدرێت، چونكە گوندی (بەردقسڵ)و (پردە بەردین) لە یەكتر نزیكنو سنووریان بەیەكەوەیە، ئەم كارەش ئەركی سەرشانی حكومەت كەمتر دەكاتەوە.

### بنكەی تەندروستی گوندی سونێ

هەروەك لە سەرەتاوە باسمان كرد ئێمە ویستمان سەرجەم گوندەكانی بناری قەندیل بەسەربكەینەوە بەڵام بارینی بەفرو بارانو ساردیو سەرما ریسەكەی لێ كردین بە خوریو نەمانتوانی گەشتەكەمان تەواوكەین، بۆیە دوای ئەوەی دوو گوندی بناری قەندیلو بناری مامەندەمان بە سەركردەوە كۆتاییمان بە گەشتەكەمان هێناو لە گەڕانەوەماندا بنكەی تەندروستی گوندی (سونێ)مان بە سەركردەوەو لە نزیكەوە لە كێشەو گرفتەكانی بنكەكەمان كۆڵییەوە.

بۆ ئەم مەبەستە چەند پرسیارێكمان ئاراستەی بەڕێزان یاریدەدەری پزیشك (ئاریو جەعفەر) كرد.

- مێژووی دروست بوونی بنكەی تەندروستی گوندی سونێ بۆ چ ساڵێك دەگەڕێتەوە؟

+ مێژووی دروست بوونی بنكەكەمان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1992 - 1993 كە رێكخراوی (KHF) بە هاوكاری خەڵكی گوندی سونێ دروستی كردووە. هەرچەندە لە رووی بیناوە باش نەبووە بەڵام هەر سوودمەند بووە بۆ خەڵكی ناوچەكە.

- بنكەكەتان لە چەند بەش پێك هاتووە؟

+ بنكەكەمان لە چوار بەشی سەرەكی پێك هاتووە.

بەشی بینینی نەخۆش.

- بەشی تەداوی.

- بەشی دەرمان.

- بەشی خۆراك.

- چەند كارمەند لە بنكەكەدا خزمەت دەكەن؟

+ دوو كارمەندی تەندروستیمان هەیە، هەردووكمان یاریدەدەری پزیشكین، كارگوزار، پاسەوان، كارەبامان نییەو كەمو كورتیمان زۆرە.

-رۆژانە چەند نەخۆش سەردانی بنكەكەتان دەكەن بۆ چارەسەركردنی نەخۆشییەكانیان؟

+ رۆژانە دیاری ناكرێت، بە پێی رۆژە، بەشێوەیەكی مام ناوەندی رۆژانە 10 بۆ 14و زۆرجاریش زیاتر سەردانمان دەكەنو ئێمەش بەپێی توانا هاوكارییان دەكەین.

- نەخۆشییە باوەكانی ئەم ناوچەیە چین؟

+ نەخۆشییەكان ناتوانین دیاری كەین چونكە بە پێی وەرزە، لە وەرزی زستان زیاتر نەخۆشی سنگو قورگو هەروەها ئەو نەخۆشییانەی كە لە ئەنجامی سەرماوە سەرهەڵدەدەن، لە وەرزەكانی تریشدا نەخۆشی تر بەدی دەكرێن، بەڵام ئەوەی كە ئێستا زۆر بەربڵاوە نەخۆشی سینگو قورگ هێشەیە.

- لایەنە باشەكانی ئەم بنكەیە كامانەن؟

+ لایەنە باشەكانی ئەم بنكە تەندروستییە ئەوەیە كە زیاتر لە 12 گوندی بە سەرەوەیە، ئەم بنكەیە جگە لە خەڵكی گوندەكانی بۆ خەڵكی تریش سوودمەندە چونكە ئێرە ناوچەیەكی سنوورییەو خەڵكێكی زۆر هاتووچۆی دەكەنو هەموو لایەكیش دەتوانن سوودی لێ وەربگرن.

- لە رووی پێدانی دەرمانەوە تا چەند هاوكاریتان دەكرێت؟

+ لە رووی دەرمانەوە بە پێی پێویست یارمەتیمان نادرێت، چونكە زۆر شت هەیە پێویستە بۆ ئەم ناوچەیە بەڵام نییەو لە توانای حكومەتیش دانییە، ناشتوانین بە زۆر بی سەپێنینو بڵێین هەردەبێ بۆمان بكەن. لەگەڵ ئەوەشدا فەرامۆش نەكراوینو بە پێی توانا هاوكاریمان كراوە، گەورەترین كێشەش كە رووبەڕوومان بێتەوە ئەوەیە كە ئەم ناوچەیە ناوچەیەكی مین رێژكراوەكە ساڵانە چەند حاڵەتێك روودەكاتە ئێرە ئێمە ناتوانین بە پێی پێویست یارمەتی بدەین، ئەمەش لە بەرنەبوونی ئەو پێداویستیانەی كە پێویستن بۆ بەرێ كردنی ئەو كەسەی كە بە هۆی مینەوە بریندار بووە، هیواداریـن هەندێك كەلوپەلی تایبەتیمان بۆ دابین كەن.

- داواكاریتان چییە؟

+ ئێمە دوو كارمەندین لێرە خزمەت دەكەینو چەندین ساڵە لێرەین بەڵام (ستاف هاوس)مان نییە، نەبوونی بینای بنكەی تەندروستی كێشەیەكی ترە كە رووبەڕوومان بۆتەوە چونكە بیناكەی ئێستا زۆر بچووكەو تەنها دوو ژووری زۆر بچووكمان هەیەو ئەم ژوورانەش هی ئەوە نین كە هیچ كارێكی تیادا ئەنجام بدرێت، ئەو هەموو كارانەش لەم دوو ژوورە بچووكەدا ئەنجام نادرێن.

داوا دەكەین ئەگەر بكرێ دروست كردنەوەی بینای بنكەی تەندروستی گوندی سونێ بخرێتە چوار چێوەی بڕیاری (986)وە.

نەبوونی كارەبا كێشەیەكی گەورەیە بۆ ئێمە بە تایبەت بۆ كاری رۆژانەمان ئێستا موختەبەرەكەمان لە كار كەوتووە. نەبوونی كارگوزاری تاكو ئێستا كارگوزارمان نییە، بۆ خۆمان هەم نەخۆش چارەسەر دەكەینو ژوورەكان پاك دەكەینەوەو تەنانەت پاسەوانیشین.

لە كۆتاییشدا زۆر سوپاسی وەزارەتی تەندروستیو فەرمانگەی تەندروستی سلێمانیو نەخۆشخانەی گشتی قەڵادزێو رێكخراوی قەندیل دەكەین كە بە پێی پێوست هاوكاریمان دەكەن.

# بە سەركردنەوەی ئۆردوگاو گوندەكانی سنووری ناحیەی خەبات

ئا: ئیبراهیم خەبات

بەشی دووەم



ئۆردوگای تۆبزاوە یەكێكە لە ئۆردوگاكانی سنووری ناحیەی خەبات لە ساڵانی 1987 - 1988 لەگەڵ شاڵاوی راگواستنی شارو گوندەكانی كوردستان لە لایەن رژێمی بەعس دروست كراوە، بۆ ئاشنابوون لەگەڵ دانیشتوانی ئەم ئۆردوگایە لە نزیكەوە ئەم بەڕێزانەمان دوواند: سەرەتای دروست بوونی ئەم ئۆردوگایە؟

**مامۆستا محەمەد وتی:**

- هەڵبەتە ئۆردوگاكان مەبەستی دروست كردنی لە لایەن رژێمەوە بۆ مەرامە گڵاوەكانی خۆی بووە بۆ ئەوەی بتوانێ زیاتر زاڵ بێت بە سەر جموجۆڵی ئەم خەڵكەو بتوانێ كڵپەی شۆڕشگێڕی لای خەڵكی لاواز بكات بێگومان ئەمەش مەحاڵ بوو.

لە 1988/7/15 لە گوندی خۆمان راگواسترایین ئێمەیان هێنایە ئەم ئۆردوگایەو پێش ئێمە خەڵك لەم ئۆردوگایە هەبوو ئەوانیش راگوێزكراوی شوێنەكانی تربوون.

ئۆردوگای تۆبزاوە راگوێزكراوی ئەم ناوچانەی لێ كۆكراوەتەوە (قەراج، كەندێناوە، شەمامك، دەوروبەری قوشتەپە، رانیە، قەڵادزێ، دەشتی كۆیە، كەركوك، شەوان).

دوای ئەوەی كۆمەڵگا ئەم هەموو خەڵكەی لێ كۆكراوە رێژەی دانیشتوانی گەیشتە زیاتر (11670) كەس.

سەرەتا بە هیچ شێوەیەك رێگە نەدرا بۆ دروستكردنی مزگەوت چونكە بەعس وای دەزانی لە رێگای مزگەوت خەڵك لەگەڵ یەك كۆدەبێتەوە ئەمەش دەبێتە مەترسیو هەڕەشە بۆ سەر رژێمی رەفتار فاشی بەغدا.

### ژیان گوزەرانی خەڵك

حاجی عومەر وسو: وتی:

- دانیشتوانی ئۆردوگای تۆبزاوە لە بەر ئەوەی راگوێزران لە سەر موڵكو زەویو بەرژەوەندی خۆیان بە زۆرەملێ رەوانەی ئەم ئۆردوگایە كراون زەرەرو زیانێكی زۆریان پێ كەوتووە ئەم خەڵكە لە شوێنی خۆی زراعەتی كردووە كە هاتونەتە ئێرە هیچ كارێك شك نابات تووشی قەیرانی ئابووری هاتووە. ئێستا لێرە بۆ خۆی ئەم ئۆردوگایە وەك بەندیخانەیەك وایە خەڵكی هیچ كارێكیان نییە بیكەن تەنها ئەوەندە نەبێت هەندێك خەڵك ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە رۆژانە دەچنە ژێر دەسەڵاتی رژێم بۆ هێنانی شتو مەكو سوتەمەنی تاكو بتوانن خۆیان بژێنن، رۆژانە سوكایەتییان پێ دەكرێتو هەندێكی تر زۆر كەم دەرامەتن هەندێك لە خێزانەكان پیاو شك نابەن كاریان بۆ بكات ناچارن ئافرەتەكانیان دەچن لە دەرەوەی تۆپزاوە لە كیلگەكان كار دەكەن بەرامبەر دەسكەوتێكی كەم بەیانی زوو تاكو رۆژئاواو بە زۆر دەبێ هاتووچۆ بكەنو زۆر لەوانە كاری نابەجێیان بەرامبەر دەكرێت.

هەندێك لە خێزانەكان كاتی خۆی خانوەكانیان بە بلۆكو شیش دروست كردووە ئێستاش لەبەر كەم دەرامەتی خانوەكانیان هەڵوەشاندەوە بلۆكو شیشەكەیان فرۆشتووە بە خشتو قوڕ خانوویان بۆ خۆیان دروست كردووە.

تۆبزاوە لە شار دوورە با بڵێین لە هەولێر خەڵك ناتوانن بچن بۆ مەیدانی كرێكاران تاكو بتوانن كرێكاریان دەستیكەوێتو لە رووباریش دوورە خەڵك ناتوانێ روو لە كشتوكاڵ بكاتو كەس زەوی نییە ئەوەی هەشیەتی لە شوێنی خۆیدا داگیركراوە.

### كێشەو گرفتەكانی قوتابیان و لاوان لەم ئۆردوگایەدا

هاوڕێ كەركوكی وتی:

- سەرەتا سەبارەت بە قوتابیان دەتوانم بڵێم ئۆردوگای تۆبزاوە پێویستی بە چەند قوتابخانەیەكی تر هەیە یەك دواناوەندی لێیە بەڵام پێویستی بە مامۆستای بەهێز هەیە لەگەڵ رێزم بۆ مامۆستایان لە بەر ئەوەی قوتابی تاكو بتوانێ ئاستی باش بێت پلەی باش بێنێت تاكو بتوانێ بۆ ئەو كۆلێژەی دەیەوێت بچێت، ئۆردوگای تۆبزاوە بە دەوروبەری شار حیساب دەكرێت لە سایەی وەزارەتی پەروەردە دەرچوانی نوێ لە مامۆستایان رەوانەی دەوروبەر دەكرێت ئەم مامۆستایە چاوەڕوان دەكات (3) ساڵی خۆی تەواو بكات تاكو بگەڕێتەوە شار بە واتای ئەم مامۆستایە دەرچووی تازەیە خاوەن ئەزموونێكی كەمە ئەمەش زیانی بۆ قوتابی هەیە، سەبارەت بە لاوان بە راستی زۆر لە ژیان بێ بەشن هیچ كارێك شك نابەن تەنها لە ناو بازنەیەك دەخولێنەوە ئاستی رۆشنبیریان زۆر لاوازەو زۆریان نەخوێدەوارنو هیچ شوێنێك نییە رووی تێ بكەن لە سەرووی هەمووشیان سانسۆریان لە سەرەو بە پێی پێویست ناتوانن گوزارشت لە حەزو ئارەزووەكانیان بكەن.

### كەمو كوڕیو گرفتەكان

وەستا ئارام ئەكرەم وتی:

- سەرەتا دەمەوێ ئاماژە بەوە بكەم دانیشتوانی ئۆردوگای تۆبزاوە هەموویان لە جێگای خۆیان راگوێزراون، بە زۆرەملێ لێرە نیشتەجێ كراونو لە پێناو شۆڕشو ئەم ئەزموونە باجێكی زۆریان داوە هەق وایە ئاوڕێك لەم خەڵكە بدرێتەوەو گرفتەكانیان بۆ چارەسەر بكرێت.

كەمو كوڕیو گرفتەكان لە كۆمەڵێك خاڵ خۆیان كۆدەكەنەوە یەكەمیان ئۆردوگا خۆی بۆ خۆی بەندیخانەیەو بێ كاری گرفتێكی ترە كەمی قوتابخانە وای لێ هاتووە لە هەر پۆلێك قوتابی زۆری لێ كۆبكرێتەوە ئەم ئۆردوگایە یەك نەخۆشخانەی تێدایەو خۆشبەختانە ئێستا بینایەی نەخۆشخانە بە سوود وەرگرتن لە بڕیاری (986) نۆژەن دەكرێتەوەو فراوان دەكرێتو سەبارەت بە رێگاوبان لە ناو بازاڕی تۆبزاوە شەقامەكانو زۆر نارێكن، ئەمەش زیانی هەیە بۆ ئۆتۆمبێلەكان.

- سەبارەت بە مزگەوت خەڵكی بۆ خۆیان دروستیان كردووە تەنها (4) مزگەوتی لێیەو (3)یان رەسمییەو یەكیان خانووە كراوە بە مزگەوتو بەشی ئەم خەڵكە ناكات.

- سەبارەت بە ئاو هەندێك شوێن هەیە ئاوی نییە هەندێك لە خانووەكان رماوە ئاوەكانیان وەكو خۆی ماوە شوێنی بۆڕی ئاوەكە دەبێتە زەلكاو كاتێك خێزانێك دەیەوێ بە (موزەخە) ئاو راكێشێت ئاوی پیس دێت.

- سەبارت بە خزمەتی شارەوانی بە هیچ جۆرێك پێشكەشی ئەم خەڵكە نەكراوە من كە دوكانم لێرەیە پشت دوكانەكەم هەمووی زبڵە كۆكراوەتەوەو لە هەموو بازاڕ كە زۆر لە دوكانەكان پێویستیان بە كارەبا هەیە كارەبا شك نابەن تاكو سوودی لێ وەرگرن.

- ئێمەی خاوەن دوكانەكانی چاككردنی سەیارە پێویستمان بە شوێن هەیە بۆمان دیاری بكەن بۆ دوكانەكانمان.

- ئۆردوگای تۆبزاوە خەڵكێكی زۆری لێ نیشتەجێیەو هیچ شوێنێك شك نابەن رووی تێبكەن وەكو باخچەیەك یاخود سەنتەرێكی رۆشنبیری.



بناری قەندیل- هاووڵاتی عەبدوڵڵا لە گوندی بەرد قسڵ